Victim First

Leicester, Leicestershire & Rutland



خزمەتگوزارییەکی Victim First قوربانی لە پێش هەموو شتێکەوە خۆڕایی، سەربەخۆ و تایبەت و نهێنی پارێزە بۆ قوربانیان و شایەتەکانی تاوان لە شاری لێستەر و لێستەرشێر و ڕۆتلاند. کاری لە پێشینەی ئێمە بریتییە لە دڵنیا کردنەوە لەوەی کە تۆ یارمەتی و پشتیوانی تەواو بدرێیت پشتیوانی بۆ هەموان (هەموو تەمەنێک) ئەوانەی کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە بۆ هەڵ کردن لەگەڵ بارودۆخەکان و چاک بونەوە. ئێمە ئەوە دەزانیین کە پێویستییەکانی کەسێک بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە لەبەرئەوە خزمەتگوازرییەکانی ئێمە دیاریکراوەو ئاڕاستە کراوە بۆ پێداویستییە جیاوازەکانی ئێوە. لە کات و بارودۆخیکدا کە تاوانەکە هەواڵی پێدرابێت یان نا، بە بێ گوێدانە ئەوەی کە تاوانەکە کەی ڕویداوە، ئێمە لێرەین بۆ یارمەتیدانی ئێوە.

# 0800 953 95 95

www.victimfirst.org | support@victimfirst.pnn.gov.uk

**ئێمە تیمێکی پیشەیی و بە ئەزموونی کارمەندانی کەیسمان هەیە کە لەلایەن تیمێکی زۆر دڵسۆزی تەواو ڕاهێنراوی خۆبەخشەوە پشتیوانی دەکرێن بۆ یارمەتیدانی قوربانیان لە ماوەی چاک بونەوەی ئەواندا.**

**پشتیوانی و یارمەتییەکانی ئێمە لەوانەیە ئەمانە بگرێتەوە:**

**پشتیوانی سۆزداری،** کارمەندانی کەیس بە شێوەیەک ڕاهێنراون کە گوێ بگرن لە نەهامەتییەکان بۆ زانین و دڵنیا بوون لە کاریگەری لایەنی سۆزداری تاوانەکە لەسەر کەسی قوربانی. کەسێک بەشێوەی ڕووبەڕوو قسەت لەگەڵ دەکات ( بە سەردان کردنت لە ماڵەوە یان سەردانکردنی کۆمەڵگە) قسە کردن لە ڕێگەی تەلەفۆن یان لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە. ئێمە لەوانیە زانیاری و ڕێنمایی ئامادە بکەین بۆ بارودۆخی تایبەتی تۆ.



**پێوانەکانی ڕێگە گرتن لە تاوان؛** ئێمە ڕێگای دەستەبەر کردنی ڕاستەوخۆمان هەیە بۆ خزمەتگوزارییەکانی بە ئامانج گرتنی زەحمەتییەکان کە ئەوان هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەن بۆ ڕێگە گرتن لە تاوان لە ماوەی 48 کاتژمێردا لە کاتی ئەنجام دانی ناردنەکەوە. ئێمە بە هەمان شێوە ڕێنمایی گشتگیر ئامادە دەکەین سەبارەت بە ڕێگە گرتن لە دروست بوونی تاوان.

**پشتیوانی تەندروستی ژیریی؛** ئێمە کۆمەڵە پەرستارێکی بواری تەندروستی دەروونییمان هەیە بۆ دڵنیا بونەوە لە دابین کردنی یارمەتی و پشتیوانی پێدان دەربارەی تەندروستی خۆشگوزەرانی و ژیریی تۆ.



**پشتگیری کردن؛** ئێمە دەتوانیین لە باتی تۆ پەیوەندی بکەین بۆ یارمەتیدانی تۆ بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان کە تۆ دەتگرێتەوە بۆ نموونە داواکردنی یارمەتی لە بەشی خانوبەرەی دەسەڵاتی خۆجێی.

**زانیاری و ڕێنمایی؛** ئێمە دەتوانیین زانیاری و ڕێنمایی بۆ تۆ ئامادە بکەین سەبارەت بە ڕوداو یان هەر دەزگایەکی دیکە کە ئەوان لەوانەیە ئامادەبن بۆ یارمەتیدانی تۆ.



**دەستەبەرکردنی یارمەتی تایبەت؛** ئێمە ڕێنمایی و ڕێنیشاندانی تۆ دەکەین بۆ ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی گونجاو و تەواو بۆ ئەنجام دانی ناردنی ڕاستەوخۆ بە ڕەزامەندی تۆ. ئێمە هەموو کاتێک یارمەتی چاوپێکەوتنەوە و بینینەوە پێشنیار دەکەین بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە تۆ هەست نەکەیت کە دەست بە دەستت پێ دەکرێت لە کەسێک بۆ کەسیکی دیکە. ئێمە بەهەمان شێوە کارمەندی کەیسی منداڵان و کەسانی گەنجمان هەیە وەکوو بەشێک لە تیمی ئێمە.

**دابین کردنی دادگەری ئاشتەوایی؛** ئەمە لە کاتێکدا کە تۆ دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە کەسی سەرپێچیکاریان کەسی سەرپێچیکار ببینیت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. ئەوان بەرپرسیاریتی پرسیارەکان لە ئەستۆ دەگرن بۆ ڕەفتارەکانی ئەوان و تۆ دەتوانیت کاریگەرییەکان ڕوون بکەیتەوە لەسەر تۆ و پرسیار بکەیت. ئێمە کۆمەڵێک لە کارمەندانی کەیسی بەپەرۆشی دادگەری ئاشتەواییمان هەیە وەکوو بەشێک لە تیمی ئێمە، کە ئەوان دەتوانن قسە لەگەڵ تۆ بکەن دەربارەی دادگەری ئاشتەوایی هەموو ئەو شتانەت بۆ دەخەینە ڕوو ئەگەر تۆ خوازیار بویت کە فرسەتێک بدۆزیتەوە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەو کەسەی کە زیانی بە تۆ گەیاندووە.